Kurdistan.net کوردستان نێت

# هونەری ڕۆژنامەوانی لە (پێشکەوتن)دا (١٩٢٠-١٩٢٢)



نامیق هەورامی

(پێشکەوتن) یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بووە لە شاری سلێمانی دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە (٢٩ی نیسانی ١٩٢٠) بڵاوکراوەتەوە، واتە بیست و دوو ساڵ و هەفتەیەک پاش دەرچوونی (کوردستان)ی دایک.

مێجەرسۆن دامەزرێنەری پێشکەوتن بووەو هەفتانە لە چاپخانەی حکومەت لە سلێمانی چاپ کراوە وەک لەبەشی خوارەوەی دوا لاپەڕەی هەموو ژمارەکاندا نووسراوە (١).

پێشکەوتن لە بواری ڕۆژنامەوانیی کوردیدا بە دەسکەوتێکی گەورە دێتە ژماردن ئەگەرچی مەبەستێکی سیاسی - کۆلۆنیالیستی لە پشتەوە بووە، بەڵام لەرووی بواری ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیریی کوردییەوە دەروازەیەکی گەورەی والا کردووەو خەڵکی ئاشنای دنیای خۆی و دەوروبەری کردووە.

ئەمڕۆ (١٠٢) ساڵ بەسەر لە دایک بوونی (کوردستان)دا تێدەپەڕێ کە سومبولی پرشنگداری کاروانی بزاڤی ڕۆژنامەوانییە و ئەم کاروانە پڕیەتی لەسەروەریی گەورەو دەیان ڕێبواری ماندوو نەناسی پێدا تێپەڕیون.

کەوابوو جێگەی خۆیەتی لەسەر هەندێک دیاردەی قۆناغی ڕۆژنامەوانیی کوردی بدوێین و ئاوڕێکی دڵسۆزانەش لەڕابردوومان بدەینەوە. با لەبری ئەوەی بەدروشمی بریقەدارو وتاری ڕۆمانسییانە بەشان و شەوکەتی ئەو دیرۆکەدا هەڵدەین، هەوڵی ئەوەبدەین هەڵەکان دووبارە نەکەینەوەو خۆمان لە جۆرغزی (کەم وێنەیی، نموونەیی، ...تاد) دەرباز بکەین، چونکە بەم هەراوهەڵڵایە لە جێگەی خۆماندا هەر خول دەخۆین.

یەکێک لە ئەرکەکانی ڕۆژنامە پێشڕەوایەتییە و کەی لەو ئەرکە مەزنە دواکەوت ئەوا دەبێتە کەرسەیەکی ئێکسپایەرو هیچ نرخ و ڕەواجێکی نابێت.

ئەگەرچی ئەمڕۆ لەچاو سەردەمی (پێشکەوتن)دا لە ڕووی تەکنیکی ڕۆژنامەوانییەوە قۆناغەکە (١٨٠) پلە جیاوازە، بەڵام هەق وایە بپرسین ئایا پێشکەوتن و تەقەنیاتی ڕۆژنامەوانی بەسە بۆ ئەوەی ئێمە ڕۆژنامەی سەرکەوتوومان هەبێت؟!

بێگومان نەخێر! سەرکەوتوویی ڕۆژنامەوانی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بتوانێ پەیامی خۆی بگەیەنێتە خوێنەری ڕۆژنامە و بتوانێت پردێکی هەمیشەیی لە نێوان ڕۆژنامە و خوێنەردا دروست بکات.

لە باشووری کوردستان ئێمە گەلێکی (٤-٥) ملیۆن کەسین کەچی بەداخەوە ئەوانەی ڕۆژنامە دەخوێننەوە ڕۆژانە ناگەنە (١٠٠٠) کەس، کام تیراژی ڕۆژنامە لە (١٠٠٠-١٥٠٠) داتە زیاترە؟، کام ڕۆژنامە لەبەر زیادیی خوێنەرەکانی ڕۆژانە چاپی دووەم و سێیەم دەکرێتەوە؟ لەبەردەم کام کتێبخانەدا خەڵکی نۆبەت بۆ وەرگرتنی ڕۆژنامە دەگرن؟

بێگومان ئەمانە و چەندین پرسیاری تر هەمیشە بێ وەڵام دەمێننەوە، پرسیارێک کە زۆر گرنگە و ئامانەوێ خۆمان لەقەرەی وەڵامدانەوەی بدەین یان ڕەنگە چەندین پاساوی بۆ بهێنرێتەوە ئەویش:

(ئایا تەنیا هۆی ئابوورییە خوێنەری ڕۆژنامە کەمە؟) بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستمان بە جەسارەت کردنێکی زۆرە، لەوانەیە خوێنەر نەتوانێت ڕۆژانە (٣-١٠) دینار بداتە ڕۆژنامە، بەڵام خۆ ئەگەر ڕاستگۆبین لەگەڵ خۆماندا بپرسین ئایا کەسانی خودی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان هەموویان ڕۆژنامەکەی خۆیان دەخوێننەوە؟

بەدڵنیاییەوە نەخێر!!

ئایا ئەوانەی ڕۆژانە ڕۆژنامەیان بۆ دەچێت دەیخوێننەوە دووبارە نەخێر!!

کەوا بوو لێرەوە دەبێت گازەندە لە دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان بکەین بزانین ئەو هۆکارانە چین وایان لە خوێنەر کردووە. کە بەلای منەوە گرنگترینی ئەو هۆکارانە لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە.

١- هەواڵ و ڕیپۆرتاژو بابەتی ڕۆژنامەکان لە ئاست داواکاریی خوێنەردا نین.

٢- خۆ بە دوور گرتنی ڕۆژنامەکان لە ئاست گشت کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا کە پەیوەستن بە مرۆڤی کوردەوەو پەردە پۆش کردنی هەندێک لایەنی گرنگ کە بێدەنگ بوون لە ئاستیاندا مایەی تەشەنە کردنن.

٣- لەدەست دانی متمانە لەلای خوێنەر کە زۆرجار دەبینین

دەبنە لایەک لە کێشە سیاسییەکان و گشت دابونەریتەکانی کۆمەڵگای ژیاری وەلاوە دەنێن.

٤- وا بەستە بوونی ڕۆژنامەکان بە حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە کە لە ئەنجامدا هەندێک شتی گەورە بچووک و هەندێک بچووکیش گەورە دەکرێن.

٥- نەبوونی شوناسێکی تایبەتی بەرۆژنامەوان و بزر بوونی پیشەوەری ڕۆژنامەگەرو نووسەر کە لە بنەڕەتدا دوو کەسی جودان .

٦- ئەگەر تەماشای ڕۆژنامەکان بکەیت کەمترین بایەخ بە ناوخۆ و زیاتر بەدەرەوە دەدرێت.

٧- دواکەوتنی ڕۆژنامە لە ڕووداوەکان بۆ نموونە ڕۆژنامەی ئەمرۆ هەواڵەکانی دوێنێی تێدایە کە خۆمان پێیدا ڕابوردین ئەمانە و چەندین خاڵی تر کە هۆی سەرەکی دابڕانی نێوان (ڕۆژنامە/ خوێنەر)ان.

حاڵەتێکی تر کە گرنگە، نابێت ڕۆژنامە بە تەنێ بۆ چینی باڵا بێت، چونکە خوێنەر بریتییە لە خەڵکی کۆمەڵگە (دکتۆر، ئەندازیار، ئەدیب، کرێکار جووتیار، کاسبکار،....تاد) بۆیە دەبێت بتوانرێت ئەو هاوکێشانە هاوسەنگ بکرێن.

ڕۆژنامەی کوردی ڕاستەوخۆ دابڕاوە لە کۆمەڵ و گرفتەکانیان، دروست وایە ڕۆژانە ڕووداوەکانی شار و شارۆچکەکان بگوازرێتەوە (ئەوانەی کە ناچنە ڕیزی هەواڵی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنییەوە).

ڕۆژانە یان کاتژمێر دوای کاتژمێر هەموومان ڕووداوەکان لە (TV)یەکان دەبینین و لە ڕادیۆکاندا دەیبیستین، ئیدی جارێکی تر پێویست ناکات لە ڕۆژنامەش بڵاو بکرێتەوە بەبێ ئەوەی قسەی لەسەر نەکرێت، ئەرکی ڕۆژنامەیە قسە لەسەر هەموو شتەکانی دەوروبەر بکات نەوەک ڕاستەوخۆ و دەقاودەق بیانگوازێتەوە. ئەگەر هاتوو ڕۆژنامە ئەم هەنگاوانەی هاویشت ئەوا دەبێتە ڕۆژنامەیەکی جەماوەری..

بە تەنێ ئەو هەنگاوە زامنی سەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندی توندوتۆڵی (نێرەر/ وەرگر)ە یان (ڕۆژنامە/ خوێنەر)ە.




ڕۆژنامەی پێشکەوتن ئەم خاڵە ئاماژەی سەرەکیی بووە بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم سەرکەوتنی باشی بەدەست هێناوە، کە لێرەدا چەند نموونەیەک وەردەگرین.

ڕیپۆرتاژ: یەکێک لەبەشە هەرە گرنگەکانی ڕۆژنامەیە، ئەم بەشە خوێنەرێکی زۆر لە خۆی کۆدەکاتەوە، چونکە هەواڵێکی یان تەرح کردنێکی مەیدانییانەی کێشە و مەبەستەکانە و دەروازەیەکی والای لەبەردەمدایە بۆ گێڕانەوەی حاڵەتێک و قسەکردن لەسەری، لە ڕۆژنامەی پێشکەوتندا زۆر بەسەلیقە و لێزانییەوە لەسەر ئەم بەشە کارکراوە وەک لە ژمارە ٦١ - پێنج شەممە (٢٣/جون/١٩٢١)دا هاتووەو وەک خۆی بەڕێنووسی تازە دەینووسینەوە..

بۆ دائیرەی پێشکەوتن

لە ڕۆژی (١٠و١١/جون/١٩٢١) مەیدانداری ئولاغو پیاو گەورەو منداڵ مەکتەب زۆرانگرتن و باز بردن و نیشان پێکهێتان کرا، لە غار کردنا مایێنی حسین بەگ لەناو بیست ئولاغدا دەرچو هەفتا ڕوپیە خەلاطی وەرگرت و لە بازدان بەسەردار جناب حاکم سیاسی کاپیتان دکلس صاحب لە هەموو کەسی زیاتر بازیداو کەسی نەگەشتێ و لە ڕاکردنا پیاوی ئەحمەد بەگ باڵی بەرکەوت و پەنجا ڕوپیە خەڵاتی وەرگرت و لە قوتابییەکانی مەکتەب لە سنفی دووەم ئەوەلی محەمەد مامە خان پێشکەوت بیست ڕوپیە وەرگرت و لە زۆران گرتنا میرزا عەسکەر دوو سێ کەسی دا بە عەرزدا چل ڕوپیە خەڵاتی وەرگرت و لە نیشان پێکاندا ئەحمەد بەگ قایم قام و عزت بەگ عثمان پاشا و ئیبراهیم ئەفەندی نائیب دووەم لە هەموو کەس زیاتر نمرەیان وەرگرت، بەڵام ئیبراهیم ئەفەندی بەفرە لە ئەحمەد بەگ و عزت بەگ زیاتر بوو گولەیەکی تەسادوفی مەرکەز کردو هەشتا ڕوپیە و لەتەرەف خان بەهادیر عادلەخانم ئەموستیلەیەکی قیمەتدار خەڵات کرا

محاسەبەچی و باشکاتب عموم سیاسی جاف و ئەڵەبجە عبدالعزیز.

هەواڵ: هەواڵ یەکەیەکی سەرەکیی گشت ڕۆژنامەیەکە، پێشکەوتن بەپێی بارودۆخی ناوچەکە هەڵنەساوە هەواڵ بەدوورودرێژی بڵاویکاتەوەو شەرحی بکات تەنیا لە شێوەی کورتە خەبەر بڵاوی کردووەتەوە.

بۆ نموونە لە ژمارە (٤)ی ساڵی یەکەم- پێنج شەممە (٣٠/مەی/ ١٩٢٠ ئەم هەواڵانە بەم شێوەیە بە کورتی بڵاوکراونەتەوە.

- قائمقام ئەڵەبجە (مەبەست هەڵەبجەیە) جناب ئەحمەد بەگ عوسمان پاشا و عەلی بەگ ڕیشێن بۆ دەپانزە ڕۆژ چون بۆ بەغدا.

- جۆ تازە لە دەرچووندایە.

- دەغڵ و دانی شارەزوور ئەمساڵ زۆرباشە.

لەکاتێکدا کە ڕادەی هۆشیاریی خەڵک کەم بووە، بەڵام (پێشکەوتن) لایەنە هونەرییەکەی زیاتر بەلاوە گرنگ بووە.

(٣)

ئاگاداری: بەو پێیەی ڕۆژنامە دەگاتە دەست خەڵکی خوێندەوارو جاران خوێندەواری سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی

هەموو شتەکان بووە لە (پێشکەوتن)دا زۆر گرنگی بە هەواڵ و ئاگاداری دراوە دیارە لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئاگادارییەکانەوە گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە (پێشکەوتن) تەنانەت نەخوێندەواریش دەستی کەوتووەو ڕۆژنامەیەکی زۆر کۆمەڵایەتی جەماوەری بووەو تاکە کەناڵی ئاگاداری و هەواڵەکان بووە.

بۆ نموونە لە ژمارە ٤٠- ٥شەممە- ٢٧/ جەنیوەری- ١٩٢١ئەم ئاگادارییە دەبینین.

بۆ زانینی هەموو

ژمارە ٦٧

لە عەماری هەڵەبجە نزیکەی سەد تۆن یەعنی سەد هەزار کیلۆ گەنم هەیە و ئەفرۆشرێ هەچ کەس ئەیکڕێت ئەبێ بێتە دائرە مەعاون مالیە کە لە مەقام سیاسییە سەودای بکات و بە بە نرخێک بۆی دەست ئەدا و چەند ئەکرێ دەنگ بکات، ئەگەر هەمرویشی لەسەر یەک تاقە کەسێک نەی کڕی و هەر کەسە کڕیاری هەنێکی بێت دیسانەوە بە پێویستی خۆیان پێیان ئەفرۆشرێ، بەڵام ئەبێ کڕیارەکان تەغارو دوو تەغار نا. هەریەکی دەپانزە بیست تەغاری سلێمانییان بوێت، بەڵام حکومەت وای لا چاکترە کە هەمووی بەیەکجار بفرۆشێ

٢٦/ جنوری/ ١٩٢١

معاون مالیە

کپتان رایت.

یان بۆ بڵاو کردنەوەی ئاگاداریی تری وەک مردن و هاتوچۆ و کڕین و فرۆشتنی وەک لە ژمارە ٥٤- پێنج شەممە- ٥/مەی ١٩٢١ دا هاتووە. [ جناب سەر پرسی کوکس صاحب لەبەر دڵسۆزی خۆی لەوەفات مەرحوم مەحمود پاشای جاف تلێکی بوتە ئەسفانە ناردووەو هەمدەردی خۆی لەگەڵ خزم و خانەدان جناب مەرحوم نواندووە.

یان هەر لەوبارەیەوە لە ژمارە ٣٨/ ١٣-جنوری- ١٩٢١دا هاتووە

[لەمەویەر لە (پێشکەوتن)دا عەرزی هەموو لام کردبو قماش ئاکم بۆ یت هەچکەس بفەرموێت ئەلبسە دروست بکا لە چاکی قماشەکە و باش بڕین و دروون ڕەنگە گلەیی نەکات، هەتا قماشەکە نەهاتبو هەراسانیان کردبوم (کوا نەهات) ئەوەتی قماشەکە هاتوە تەماشای دوکانەکەیشم ناکەن.

دیسان عەرزتان دەکەم ئەوەی بفەرموێت و ئەلبسە لەم قماشە بکات وا دەزانم زەرەر ناکات.

خەیات

محەمەد سەعید

بابەتی جۆراوجۆرو هەواڵ: تەواوی بابەتە جۆراوجۆرو هەواڵەکانی دەرەوە کە زۆربەیان لە ئاژانسەکانەوە وەرگیراون یان بە تەلەگراف وەرگیراوە لەم ڕۆژنامەیەدا بەرچاو دەکەون.

دەرەنجام

بەم پێیە دەردەکەوێت کە هەر بەشێک لە ڕۆژنامە و کاری ڕۆژنامەوانی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بەتایبەت لایەنی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتی کە ئەرکی ڕۆژنامەوانە بتوانێت سایکۆلۆژییەتی کەسییەتی بەرامبەرەکەی دیاری بکات و بتوانێت بە ڕۆچوونێکی زانستییانەوە دەوروبەرو جەماوەر کۆیکاتەوە.

لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی دنیادا چەندین نموونەی سەیرو سەمەرەی ڕۆژنامەوانی هەیە ئەگەر کەسێک بەوردی چاودێریی ڕۆژنامەوان بکات (مەبەستم ڕۆژنامەوانی کارامەیە) کە چۆن ڕۆدەچێتە نێو پرسیارو بەدووی دۆزینەوەی نهێنییە چەپێنراوەکانی بەرامبەری و تەقاندنەوەیان کێشرمت وا هەست دەکات ئەندامی دەزگایەکی پۆلیسییە ئەمەش لە پێناو دروست کردنی کۆمەڵگایەکی شارستانییە وەک ئەوەی (ولبرشرام) (٢) باسی دەکات کە ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی لەپەرەسەندنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا بەوە دیاری دەکرێت کە تا چەند توانیویەتی گەشە بە هۆشیاری بدات و ڕەوشێکی گونجاو لە کۆمەڵگەدا پێک بهێنێت.

ڕۆژنامەنووس لەبەردەم ئەرکێکی گەورەدایە لەو پێشەنگییەی پێی دراوەو دەبێت لەو ئاستەدا بێت وەک ئەوەی (هەمەنگوای) (٣) دەڵێ لەوانەیە نووسین تاکە کەسێک دروست بکات، بەڵام ڕۆژنامەوان دەیان کەسی کۆمەڵ دروست دەکات.

پێشکەوتن وەک لەسەرەتاوە باسمان کردو مەبەستی ئەم لێدوانەیە تارادەیەکی بەرچاو ڕەچاوی لایەنە هونەرییەکانی ڕۆژنامەی کردووە لەگەڵ ڕەچاوی باری سایکۆلۆجی خەڵکی خوێنەری ڕۆژنامەکە.

ئەویش بە چۆنیەتیی ڕیپۆرتاژو هەواڵ و ئاگادارییەکان وەک بە نموونەوە باسمان کرد ئەمە جگە هەواڵەکانی دەرەوەو دەوروبەر (٤).

ئەوەی ماوە جێگەی خۆیەتی قسەی لەسەر بکرێت ئەویش عەقلیەتیی ئەوکاتەی ڕۆشنبیری کورد لەبواری ڕۆژنامەوانیدا کە زۆربەی زۆری کۆمەڵی کوردی نەخوێنەوار بووە، دیارە ئەمەش نکۆڵی لێناکرێت کە ئەو شێوە ئەزموونە دەوڵەمەندەی پێشکەوتن جێ پەنجەی (مێجەرسۆن)ەو ئەزموونی ئەوکاتەی ڕۆژنامەگەری ئەورووپا بووە.

دەبینین ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی تر کە ئینگلیزەکان لە پشت دەرچوواندنیانەوە بوون ئەمڕۆ بەهەند وەردەگیرێن و دەکرێت بە شانازییەوە لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا حسابیان بۆ بکرێت کە (پێشکەوتن و تێگەیشتنی ڕاستی) دوو نموونەی زیندووی ئەو مەیدانەن. ❖

ژێدەر

......

**١- بۆ زیاتر ئاشنا بوون (پێشکەوتن -یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی ١٩٢٠- ١٩٢٢ سەنتینالی ڕۆژنامەنووسیی کوردی -هەولێر- ١٩٨٨ کۆکردنەوەی عەلی ناجی و سیروان بەکر سامی بخوێنەرەوە.**

**٢- بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەم بابەتە تەماشای الصحافة وعلم النفس- ناجي البصام - مجلة الادارة الفنية- عدد ١٩٨٩/٣ بکە.**

**٣- هەمان سەرچاوەی سەرەوە.**

**٤- بگەڕێرەوە بۆ نێوەرۆکی ژمارەکانی پێشکەوتن (١).**